# سادق هیدایت و کافکا

ن: عەلی ئەمینی نەجەفی
و:سەعید ئەمانی

نووسەری ئێرانی سادق هیدایەت (1281–1330) هۆگریەکی تایبەتی سەبارەت بە نووسراوەکانی نووسەری چێك فرانتس کافکا (1883–1928) هەبوو وە چەندانە لەداستانە کورتەکانی ئەوی کردە فارسی. ئەم هۆگریە بە تێپەڕبوونی زەمان گەیشتە ئاستێك کە لەساڵەکانی کۆتایی تەمەنی هیدایەت دا، کە ئیتر هەوڵێکی ئەدەبی ئەوتۆی لێنەدەبینرا، ڕەنگدانەوە و جێگاو شوێنێکی تایبەتی بەدەست هێنابوو. هەوڵدراوە لەم نووسراوەدا ناوەرۆك و هێندێك لەلایەنەکانی ئەم پەیوەندییە مەعنەوییە نیشان بدرێ.

داستانی "مەسخ" درێژترین کورتە داستانی فرانتس کافکایە و یەکێکیشە لەو نووسراوانەی کە باس وجەدەلێکی زۆری بەشوێنەوە بووە. ئەم بەرهەمە لەکاتی بەچاپ گەیشتنەوە لەساڵی 1915وە تا بەئەمرۆ جێی باس و لێکۆڵینەوەیەکی بێ ئەژمار بووەو لەگەلێك ڕوانگەی جیاوازو جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێندراوەو تەفسیرو تەعبیرکراوە.

هۆی ئەم جەدەل و باس و خواسە بەرین و بێ کۆتاییەش پێویستە لەفەزای نائاشنا و پڕکێشەو ئاڵۆزی داستان و پێکهاتەی وەستایانەی ئەودا بدۆزینەوە کە لە بەستێنی ڕووداوێکی ڕمزاوی و ناراستەقینەدا، داستانێکی واقیعگەرایانەمان بۆ ڕوایەت دەکات کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی زەمینەیەکی خەیاڵاوی ئەفسانەوارە، بەڵام بەتوندی خوێنەر دەخاتە ژێر کاردانەوەی خۆیەوە.

کورتەی داستانەکە بەم شێوەیە: پیاوێکی لاو بەنێوی گرگور زامسا بەیانییەك لەئاخرو ئۆخری وەرزی پاییزدا لەخەوێکی ئاڵۆزو ناخۆش رادەپەڕێ و خۆی لەقەوارەی گیانداریکی غول پەیکەرو لەشکڵی قالۆنچەیەکی گەلێك ناقۆڵاو ناشیرین دا دەبینێ. ئەو مەئمووری بونگایەکی بازرگانییەو زۆربەی ژیانی لەسەفەردا بەسەر دەبات، بەڵام شەوێکی کە ئەم ڕووداوە سەیرو سەمەرەیە روو ئەدات، ئەو بەرێکەوت خۆی لەجێ و بانەکەی خۆیدا لە ماڵی بابی دا دەبینێ کە خەوتووە. دیارە ئەندامانی بنەماڵەکەیان، کەبریتیین لە باب، دایك و خوشکی، لەبەرانبەر ئەم ڕووداوە سەیرو سەرسووڕهێنەرەدا، نیگەرانی و ترس و وەحشەتێکی بێ ئەوپەڕ دایان دەگرێ.

درێژەی داستانەکە ئەوەمان پێدەڵێ کە گرگور کەمترین هۆگری سەبارەت بە ئیشە کەسەلبارو ماندووکەرەکەی، کە ناچار بوو لەپێناوی دا بەردەوام لەسەیرو سەفەردابێ، نەماوە. ئەو وەك

سەرەکیترین نان ناوەری بنەماڵە چاوی لێدەکرێ و بەئاشکرایی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بێ بەزەییانە دەچەوسێتەوە. بەر لەگشتیان، بابی بەجێگای ئەرك و وەزیفەی سەرەکی خۆی، واتە دەست بەکاربوون و دابین کردنی بژێوی بنەماڵە، سەرگەرمی خۆش گوزەرانی و تەن پەروەرییە.

ئەم پەیوەندییە، دوای ئاڵو گۆر بەسەردا هاتنی گرگور و بوونی بەقالۆنچە، ئاوە ژوو دەبێتەوە: ئەو لەدەست ئیشە کەسەلبارەکەی ڕزگار دەبێت، و لەبری ئەو بنەماڵە دەکەونەوە هەوڵ و کۆشش کردن، و ئەمجار خۆی ئەبێتە تەوەزەل و سەرباری بنەماڵە. بنەماڵە هیواداره هەرچی زووتر لەم "نەخۆشیە" چاك بێتەوە و جارێکی تر ئەرکەکانی وەئەستۆ بگرێتەوە. بەڵام گرگور وادیارە لەهەل و مەرجی ژیانی نوێی ڕازییە. ئەو هەرچەندە چۆتە قەوارەی قالۆنچەیەکەوە و هەر بەم هۆیەوە لەژوورەکەی نایەتە دەرەوە و خۆی زیندانی کردووە، بەڵام تا چەند مانگێك بیرو هەست و رۆحیاتی مرۆڤانەی خۆی هەروا پاراستووە. زەینی ئینسانی ئەو بەشێوەی ڕابردوو لەکاردایە، بەڵام ناتوانێ ئیتر لەگەڵ دەورو بەریدا پەیوەندی زەینی بگرێت.

سروشتیە کە گرگور بەبوونە قالۆنچە، دەستی لەکارکێشاوەتەوە و ئیتر توانایی دابین کردنی بژێوی بنەماڵەی نییە. بنەماڵەش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانەی کە بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕە جنسیەوە رووبەرووی بۆتەوە، هێندێك ڕێو شوێن دەگرێتە بەر: بەر لەهەر شتێك باوك دەست بەکار دەبێتەوە و دەسەڵات و سەرۆکایەتی بنەماڵە دەگرێتەوە دەست. لەمەش واوەتر بنەماڵە بۆ وەدەست هێنانی دەستکەوتی زیاتر، یەکێك لەژوورەکانی ماڵەکەشی بەسێ کەس بەکرێ ئەدات، گرگور هێدی هێدی وەك شتێکی زیادیو مزاحیمی لێ دێ کە بنەماڵە رۆژ لەگەڵ رۆژ ئاواتەخوازی ڕزگاربون لەچنگیەتی. گرگور سەرئەنجام لەکۆتایی مانگی مارس دا دەمرێت. بنەماڵە بەهەست بە شادمانی و بار ئاسانییەوە پێشوازی لەفەوتی دەکات.

"مەسخ" لەئێران دا:-

داستانی "مەسخ" نزیك بە پەنجا ساڵ لەوەپێش (1322-1943) لەلایەن سادق هیدایەتەوە کە لەوسەردەمەش دا نووسەرێکی ناسراوبوون کرایە فارسی، چەندین جار لەچاپ کرایەوە و ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، کە بێشك زیاتری ئەم ناوبانگەش لەولایەنەوەیە کە وەرگێڕەکەی سادق هیدایەتە. تەنانەت کەم نەبوون ئەو کەسانەی پێیان وابوو ئەمەش یەکێك لەبەرهەمەکانی هیدایەتە.

هیمەت و داهێنانی ئەم نووسەرە مەزنە چەند ساڵ دواتریش (1327-1948) بەنووسینی پێشەکیەکی دوورودرێژ لەژێر ناوی "پەیامی کافکا" بۆ داستانێکی دیکەی کافکا بەنێوی "گرووپی

مـەحکومین" (لـەوەرگێرانی حەسـەن قائیمیـان، خوێنـەرانی ئێـران لەگـەڵ کـارو هونـەری نووسـەری نوێگەرای چێك دا ئاشنا کرد، کە بەش بەحاڵ خۆی جێگای رێزو پێزانینـی زۆرە. پێویستە ئەوەش بزانین کە وەرگێرانی داستانی "مەسخ" زەمانێك لەیەکەم گۆڤاری "سخن" بەچاپ گەیشت کە فرانتس کافکـا هێشـتا نووسـەرێکی بـێ نـاو و ناوبـانگ بـوو. ئاسـارە زۆرو زەوەندەکـەی کـە گشـتی بـەزمانی ئاڵمـانی بـوو، نـەك هـەر بـەهیچ زمـانێکی ئاسـیایی، تەنانـەت کـەمتر بەزمانـە ئوروپاییـەکانیش وەگێردرابۆوە).

بـەلام وەگێرانـی هێنـدێك نابـەوەختی سـادق هیدایـەت، بەداخـەوە، لادان و کـەمو کورپـەکی زۆری تێکەوتووە و تا ئێستاش پێویستی وەرگێرنێکی دەقیق تر و باشتری "مەسخ" بەحاڵی خۆی باقییە.

بەر لەهەر شتێك دەبێ بڵێم کە بەنەزەر ناگات واژەی "مەسخ" وەرگێرانێکـی دروستـی سـەردێری ئـەم داستانە بێت. سەردێری دستانەکەی کافکا Dieverwandlung ە کە لـەزمانی ئاڵمانی دا بـەواتای ئاڵ و گۆر بەشێوەی گشتییە، بەبێ هیچ ئەرزش گوزاریەکی باش یان خراپ.

بەلام"مەسخ" مانایەکی دیکـەی هەیـە ئـەم واژەیـە لـە "فەرهـەنگی موعین" دا وەك "ئاوەژوکردنـەوەی رواڵەتێك بۆ رواڵەتێکی دزێوتر" هاتووە. بەشێوەیەکی روونتر مەبەست لە "مەسـخ" گـۆرانی شـتێك بـۆ بـارێکی خـراپترو بێ بایـەختر لەچەشنی خۆیـەتی، لـەحالێك دا لێرە مەبەسـت گـۆران و بـوونی شـتێك بەشتێکی دیکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا فێعلی لێکدروی : "مەسخ بوون" هـەڵگری باری مەنفییە، کەوایـە ناتوانێ پراو پر وەگێرانی سەردێری داستانەکەی کافکابێت.

شیاوی ئاماژەیە، لەدرێژە دا و بەچەشنێکی روونتر دەبینین، کەواتای سـەردێری کتێبەکـە لەهـەوەڵین رستـەی داسـتانەکەدا دووپـات بۆتـەوەو هیدایـەت ئـەم جـارە "بـوون بـە"ی وەك وەرگێرانـی "مەسـخ" بەکارهێناوە کە دروست ترە. لەگەڵ ئەم روونکردنەوەیـەش دا، سـەردێری "مەسخ" لـەناو خوێنـەرانی کتێبـی ئێرانـی دا وەهـا ناوبـانگێکی بەدەسـت هێنـاوە کـە باشـترە، بـۆ خـۆ بـواردن لەئەگـەری هـەر سەرلێشێوانێك، ئەم داستانەی کافکا هەروا لەژێر "مەسخ" دا بخوێندرێتەوە.

هەڵـە گـەلێکی زۆرو بەرچـاویش کەوتۆتـە وەرگێرانـی داسـتانەکەشـوە کـە ئامـاژەکردن بەگشـتیان خۆی کتێبێکی خوداگانەی گەرەکە، لێرەدا بۆخۆ بواردن لـە درێژەدادری، و بـۆ روونکردنـەوەی چـەند بابەتێك ی گرینگ، تەنیا ئاماژەیەك بەسەرەتاو کۆتایی داستانەکە ئەکەین.

وەرگێرانە فارسیەکە بەم رستەیە دەست پێدەکات: "رۆژێك بەیانی، هەر کە گرەگوار سامسا لەخـەوە ئاڵۆزەکـەی راپـەری، لـەنێو جێوبانەکـەیدا ببـوە قالۆنچـەیەکی بەتـەواو مانـاو سـەیرو سـەمەرە". لـەم رستەیەدا جیاواز لەوەرگێرانی نادەقیقی لەفزی، نوکتەیەکی زەریف و گرنگیش لەدەست چوە.

وەرگێڕانی بەشی دووەهەمی دەربڕینەکە بەم چەشنەیە:" سامسا...تێگەیشت (یان زانی) کە لەجیٚ و بانەکەیدا بووەبە قالۆنچەیەکی غول پەیکەر. لە کورتە جیاوازیەکی نێوان ئەم دوو دەربڕینەدا، نوکتەو بابەتێکی زۆر گرینگ شادراوتەوە.ڕستەکەی کافکا هەڵگری بەرداشتێکی زەینییان دوولایەنەیە، و ئەم رواڵەتە ئیعتباریـیە یان (سوبژکتیو)ەش بەڕستەیەکی هەواڵی و قەتعی لەوەرگێرانە فارسیەکەدا بەتەواوی لەبەین چوە. کرداری بەکارهاتوو لەم رستەیەدا لەساڵیانێك لەمەوبەرەوە تا ئیستاش بواری یەکێك لە جەدەلە گرێیەکان لە لێکدانەوەی داستانەکەی کافکادا بووە.

گەلێك لەمووفەسیرانیش بەرهەمەکانی کافکا یان لەڕوانگەی ڕەوانناسیەوە لێك داوەتەوە، راست بەپاڵپشتی ئەم یەکەم ڕستە شوێنەوار دانەرو زەریفەی داستانەکەیە، کە گۆڕانی پاڵەوانەکەی "مەسخ" بەرووداوێکی عەینی یان لەدەرەوە و ڕواڵەتی نازانن، بەڵکو دەیگەڕێننەوە بۆ ئاڵۆزی ڕەوانی و دوولەت بوونی دەروونی کەسایەتی داستانەکە. بەبەیانێکی سادەتر، گرگور زامسا، ئاڵوگۆڕی جەستەیی بەسەردا نەهاتوە، پێی وایە ئەم بەلاَ مەزنەی بەسەردا هاتوە و بوەتە قالۆنچەیەکی ناقۆلاَو دزێو.

لەراستی دا ئەو کە لەپێشەکەی، لەڕادەبەدەر، هیلاك بوەو لێی بێزارە، بەدوای ئاڵوگۆڕێکی رۆحی دا (یان ئەفسوردەگیەکی توندا) خۆ لەکارکردن دەبوێریٚ، ڕوودەکاتە تەمبەڵی و بێکاری، و دەچێتە کونجی ماڵی تەنیاییەوە. لەڕوانگەی ئەوەوە و ڕەنکە کەسانی تریش – وا بنوێنیٚ کە بووبێتە جانەوەرێکی زەبەلاح و مزاحیم و بیٚ کەڵك. سەرکردەی ئەم توێژەرانە فریدریش باینزە کە لەیەکێك لە سوخەنرانیە گرینگەکانی دا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە بوونی گرگور بەقالۆنچە، تەنیا ڕواڵەت یان دەرکەوتەی دەرەوەی ڕووداوێکی گرینگ ترە:

ئاڵو گۆڕی ڕاستەقینە لەپێشتردا و بەر لەدەست پێکردنی داستانەکە لە ژیانی ئاڵۆزو شێواوی گرگوردا ڕووی داوە. پاڵەوان لەهەمان ڕستەی یەکەمی ناوجیٚو بانەکەی دا "تێدەگات" کە (بەرلەمە) بوەتە قالۆنچەیەکی غول ئاسای دزێو. جێگای هیچ شك و گومانێك نیە کە ئەم ڕوداوە تەنیا لەزەینی نەخۆشی گرگور دا هاتۆتە پێش. پێویستە لەسەرتاپێی ڕستەکە وردتر بینەوە: لێرەدا نەوتراوە کە ئەو مەسەلەن "رۆژێك بەیانی... بوەتە قالۆنچە (یان مەسەلەن) گۆڕابوو، بەڵکو بەڕوونی دەڵیٚ: ئەو تێگەیشت کە بووەتە قالۆنچە".

خالێکی کەباینر ئاماژەی بۆ دەکات، راست ئەو لاڕیٚ بوونەیە کە لەوەرگێرانە فارسیەکەدا ڕووی داوە، وەبیردێنینەوە کە خودی هیدایەتیش پێنج ساڵ دواتر و کاتی نووسینی "پەیامی کافکا" واتایەکی دروست تری لەرستەی ئاماژە پێکراو بەدەستەوەدا، دەنووسیٚ:

رۆژێك بەیانی گرەگوار سامسا هەر کە لەخەوە ئاڵۆزەکەی ڕاچەنی، دیتی لەرەخت و خابەکەی دا بوەتە قالۆنچەیەکی زەبەلاحی دزێوی ترسێنەر. بەئاسانی دەکرێ هەست بەوەبکەین کە ئەو بەتێپەڕبوونی چەند ساڵ بەسەر وەرگێرانەکەی دا گەیشتۆتە شناختێکی قوڵ و هەمەلایەتر لە داستانەکەی کافکا.

توێژەرانێکی کە لایەنگری ئیدەی (ئاڵوگۆڕی دەروونی) پاڵەوانی داستانەکەن، لەدرێژەی بەڵگەو دەلیلەکانی خۆیان دا ئاماژە بەنامەیەکی فرانش کافکا دەکەن کە 25 ی ئوکتوبەری 1915 بۆ بلاوکەرەوەی داستانی "مەسخ" ی نووسیوە و بۆ توێژینەوەی ئەم بەرهەمەش خاوەنی گرینگیەکی کلیدیی‌یە.

کافکا هەواڵی پێگەیشتبوو کە شێوەکارێك بەنێوی "شتارکە" دەیەوێ بەسفارشی بلاوکەرەوە، بۆ ڕووی جلدی کتێبەکە، لەشکڵی قالۆنچەیەك کەڵك وەرگرێ. کافکا بەپەلە نامەیەکی بۆ ناشرەکە نووسی و بەپێداگریەوە داوای لێکرد کە بەشێوەکارەکە بڵێ ئەم ئیدە وەلابنێ. لەنامەکەیدا دەنووسێ:

"من بەجیددی تووشی مەترسی بووم و وتم نەکا "شتارکە" بەراستی بیەوێ شکڵی جانەوەرێك لەسەر بەرگەکە بکێشێتەوە. ئەم کارە نەکەن. تەنانەت تەمەنا دەکەم قەت ئەم کارە نەکەن! هەڵبەت من مەبەستم ئەوەنیە بەربەسەر بەخۆی کردەوەی ئێوە بگرم و بەرتەسکی بکەمەوە، بەلاّم لەو ڕووەوە کە سروشتیە من داستانەکە لەوباشتر دەناسم، داواتان لێدەکەم دانانی شکڵی جانەوەرو شتی وا بەکوللی بنێنە لاوە. تەنانەت لەدووریشەوە نابێ پیشانبدرێ". کافکا توانی قەناعەت بەناشر بێنێ و ئیدەکەی بنێتەلاوە. سەرئەنجام تەرحێکی کە خرایە سەر بەرگی کتێبەکە، لاوێکی ئالۆز نیشان دەدا کە پشتی کربووە درگایەکی نیوەکراوە.

باینر لەدرێژەی قسەکانی لەو سوخەنرانیەدا بەدەلیل و بەڵگەوە دەری خست کە ئەم لاوەش ناکرێ کەسێکی جیا لەخودی گرگور زامسا بێت، کە هەروەك لە تەرحەکەدا ئەیبینین بووەتە قالۆنچەیەکی دزێوو زەبەلاح.

سەرچاوەی ئەم هەڵە ئاشکرایەش هیچ شتێك نیە جیا لەوەی کە سەرچاوەی وەرگێرانەکەی سادق هیدایەت بۆ کردنە فارسی داستانی "مەسخ" وەرگێڕانێکی ناکامڵو نادەقیقی فەڕانسەوی بوە. بەخوێندنەوەی دەقی وەرگێڕدراوە فەرانسەویەکە تێدەگەین کە هیدایەت زۆر بەئەمانەتداریەوە کردویەتە فارسی.

پێك گرتن و بەراوردکردنی بەشی کۆتایی داستانەکەش دەکرێ لەڕوانگەیەکی دیکەوە جێی سەرنج و ڕوونکەرەوە بێت. سەرەتا باوەرگێردراوی فارسی ئەم سەحنە گرینگەی کۆتایی بخوێنینەوە:

"دوایە بەیەکەوە لەبیناکە چوونە دەرەوە و چەندین مانگیش بوو وەها رووداوێکیان بۆ پێش نەهاتبوو. بۆ رۆیشتن بەدەوربەری شار قەتارێکیان گرت. لەنێو واگۆنەکەدا جیا لەوان موسافرێکی دیکە نەدەبیندرا. گەرمایەکی لینج ئەوێی داگرتبوو. بەئاسوودەیی لەسەر پشتیەکان پاڵیان دایەوە و سەبارەت بە فەرسەتگەلێکی کە گوێی شەیتان کەڕ هێندەش خراپ نەبوون قسەو باسیان کرد.

مەسەلەی گرینگ ئەوەبوو کە هەرسێکیان کارگەلێکی حەقیقەتەن شیاوی سەرنجیان دەست کەوتبوو کە بەتایبەتی لەداهاتوودا گەلێك هیوابەخش بووە. دەیانتوانی هەلومەرجی ئێستای خۆیان لەرێگای بەکرێ گرتنی ئاپارتمانێکی هەرزانتر و بچکوکترەوە، بەلاّم بەکارهاتووتر، کە لەشوێنێکی باشتردا قەراری گرتبێ قەرەبوو بکەنەوە. ئەم ئاپارتمانەی ئێستایان گرەگوار هەڵی بژاردبوو. خانم و ئاغای سامسا لەدیتنی کچەکەیان کە جار لەگەڵ جار بەگەرمو کوڕتر قسەی دەکرد تەقریبەن بەیەکەوە تێگەیشتن کە گرت لەگەڵ ئەوەیدا کە کرێمی ئارایش ڕەنگی کوڵمەکانی تاراندبوو لەم مانگانەی ئاخرادا کراوەترە و ئێستا کچێکی دڵڕفێنە کە ئەندامێکی رێکەوتووی هەیە. کاتێ هێندێك شادمانیەکەیان دامرکایەوە تەقریبەن بێ ئەوەی بزانن چاوێکیان لەیەکتری کرد کە مانایەکی روونو ئاشکرای هەبوو.

هەردووکیان بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە کاتی ئەوە هاتووە لەبیری هاوسەرێکی هاوشانی خۆیدا بن بۆی و کاتێ گەیشتنە مەقسەد کچە بەرلەوان هەستا تا باوێشکێك بداتو بەخۆکێشانەوەیەك ماندویی جەستەی شلکی دەربکات، پێیان وابوو لە ئاکاری کچەکەیان دا ئاواتە نوێیەکەی ئەوان دەسەلمێندرێ و هاندەری مەبەستە خێرەکەیانە."

ئەو پاراگرافەی سەرەوە، بەوپەڕی کەڵك وەرگرتن لەواژەو دەربڕین و عیباراتی وەرگێران، دەبێ بەم شێوەی خوارەوە تەرجومە بکرێ:

"دواتر هەر سێك بەیەکەوە لەماڵ چوونە دەرەوە، و ئەمەش کارێك بوو کە لەچەندین مانگ لەوەپێشەوە بەڕێوەیان نەبردبوو. بەقەتارێك لەشار چوونەدەرەوە.

تاوێکی گەرم دەیدا لەو واگۆنەی ئەوانی تێدابوو. لەکاتێك دا بەئاسوودەیی پاڵیان بەپشتیەکانەوە دابوو، سەبارەت بەداهاتوویان ئەدوان، کەبەباشی سەرنجیان دەدایە تێدەگەیشتن کە بەهیچ جۆرێك خراپ نایەتە بەرزەین، چون هەرسێکیان لەئاست هەلومەرجێکی نوێی چون یەك دا قەراریان گرتبوو کە زۆر گونجاو و هیوابەخش بوو، بەلاّم هێشتا سەبارەت بەو شتێکیان لەیەکتر نەپرسیبوو.

ماڵ گۆرینیش بەهاسانی دەیتوانی خێرایی بداتە باشتربوونی هەلو مەرجەکەی ئێستا. ئەوان مەبەستیان بوو ماڵێك دەست بخەن لەم ماڵەی ئێستایان، کە گرگور هەڵیبژاردبوو، بچووکتر و هەرزانتر بێت، لەشوێنێکی باشتردا قەراری گرتبێ و لەهەلو مەرجێکی گونجاوتریش بەهرەمەندبێت. خانم و

ئاغای سامسا لەکاتی وت‌و وێژدا، بەدیتنی کچە بەکەیفەکەیان تەقریبەن هاوکات تێگەیشتن کە ئەو لەم ئاخریانەدا وێڕای ئەو دژواریانەی کە ڕەنگیان بەروویەوە نەهێشبوو، بوەتە کچێکی لەبەر دڵان. بێدەنگ بوو و بەچاولێك کردنێکی نا ئەنقەستانە یەکتریان تێگەیاند کە کاتی ئەوەیە هاوسەرێکی هاوشانی خۆی بۆ بدۆزنەوە.

هەر ئەڵێی لەڕاستای سەلماندنی ئاواتە خێرو مەبەستە نوێیەکەی ئەواندایە کاتیٚ دەگەنە مەقسەد، کچە بەرلەوان هەڵدەستیٚ و ئەندامە سلکەکەی ڕادەوەشێنیٚ."

بەپێك گرتنی ئەو دوو دەقەی سەرەوە دەکریٚ بەهاسانی بەوە بگەی کە وەرگێڕانەکەی هیدایەت نە دەقیقەو نەڕەسا. لەهەمانحاڵ دا، بەوردبوونەوەی زیاتر لەدەقە فارسیەکە تاڕادەیەك پەی بەسەرچاوەی ناڕەساییەکانی وەگێرانی "مەسخ" ئەبەین. دەزانین کە سادق هیدایەت داستانەکەی لەفەرانسەویەوە کردوە بەفارسی، واتە لەزمانێکەوە کە خۆی بەسەریدا زاڵ بوو. شتێکی کە لەمرۆدا دەیزانین ئەوەیە کە دەقێکی کە ئەو لە بەردەستی دابووە، وەرگێڕانێکی دروست نەبوە.

"مەسخ" لەیەکەمین داستانەکانی کافکا بوو کە، ڕەنگە سەبارەت بەدەروون مایەی جوان‌و بیٚ هاوتا و زمانە ساکارەکەی، لەساڵی 1928 دا لەلایەن ئلکساندرویالاتەوە کرایە فەرانسەوی و هاتە بازاڕەوە. کتێبەکە پێشوازیەکی بەرچاوی لێکرا، چون هێشتا هیچ کەس ئاگاداری هەڵە بیٚ ئەژمارەکانی نەبوو. دوای شەڕی دووەمی جیهانی کە بەرهەمەکانی کافکا، زیاتر لەلایەن نووسەرانی ئیگزیستانسیالیستەوە لە فەرانسە ڕەواجی پێدرا، بەتوندی ڕەخنەو وەرگێڕانانە گیرا کە بەزمانی فەرانسەوی لە بەرهەمەکانی کافکا کرابوون و باسی سەر لەنویٚ وەرگێڕانیان هاتە ئاراوە.

بەڵام پێك گرتنی دوو دەقەکە دەری دەخات کە گرفت تەنیا لە وەرگێڕانە فەرانسەویەکەدا نەبوو، بەڵکو گرفتێکی دیکەشی پێوە زیادبوە. بۆنمونە روون‌و ئاشکرایە کە عیبارەت و بەیانی "کرێمی ئاڕایش کە ڕەنگی لەڕووخساری بڕیبوو" دەربرینێکی بیٚ ڕەبتە. ڕەنگە ئەم هەڵەیەش هەر لە سەرچاوەی ئاڵمانیەکەوە سەری هەڵدابیٚ. لەبەرئەوەی لەە چاپی دووهەمی "مەسخ"دا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1918، بەبیٚ چاودێری کافکا بڵاوکرایەوە و بوو بەهۆی ناڕەزایەتیش، گەلێك هەڵەی تێکەوتبوو. لەوانە شوێنێك لەلاپەڕەی کۆتایی داستانەکەدا، واتە هەر لەم پاراگرافەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بەجێگا واژەی Plage بەواتای ڕەنج‌و مەینەت)، واژەی (Pflege بەواتای داودەرمانی ئاڕایش) هاتوە. بەم شێوەیە تێدەگەین کە وەرگێڕانە فەرانسەوەیەکەش لەرووی ئەم چاپە هەڵەبڕنەکراوەوە کراوە. کەوایە دەتوانین بەوە بگەین کە سادق هیدایەت بەدبەختانە وەرگێڕانێکی نادروستی لەکتێبێکی عەیب دار لە ئیختیاردا بوە.

## وەرگێرانی کافکا لەفەڕانسەدا

سادق هیدایەت لەسەرودەمی بەر لە گەلاوێژی 1330 لەرێگای بلأوکراوەکانی فەرانسەوە فرانتس کافکای ناسی بەتوندی هۆگری بوو. لەکۆتایی دەورەی تێکۆشانی ئەدەبی خۆی دا، کە بەرهەمێکی ئەوتۆی نەخولقاند، چەند داستانی کافکای کردە فارسی و پێشەکیەکی دوورودرێژیشی بۆ یەکێك لەداستانەکانی نووسی، کە بۆچوونەکانی سەبارەت بە کافکای تێدا ڕەنگی داوەتەوە.

وتمان کە بۆ هەوەڵین جار لەساڵی 1938 دا بەرهەمێکی کافکا کرایە فەرانسەوی. دواتر لەدەیەی 1930 دا زۆربەی داستانەکانی وەرگێردرانە سەر زمانی فەرانسەوی و پرش و بلأو لەم لاولا بەچاپ گەیشتن. سورئالیستەکان کە لەو دەورانەدا نوێنەری مۆدێرنیسم بوون و دەستیان بەسەر کەش و هەوای ئەدەبی دا دەرۆیشت، دۆزینەوەی کافکا لەڕادەبەدەر شادمانی کردن و پەرەپێدان و بلأوکردنەوەی بۆچون و بەرهەمەکانی ئەویان وەك ئەرکێکی سەرەکی خستە دەستووری کاری خۆیانەوە.

ئەوان بەتوندی شیفتەی کەش و هەوای نائاسایی و بێ سنوور خەیال و دنیای کابوس ئاساو ئالۆزی کافکاو داستانەکانی بوون. ئەم شیفتەگیەش، هەروەك خانمی مارتا دەری دەخات، جێکەوتنی کافکا لەفەرانسە هەر لەسەرەتاوە بەهەڵس و کەوت و ئەنگیزەگەلی نا ئەدەبی بارگاوی کرا. ئەو شێوە حاڵی بوونەی ئەوان لەکافکا شیاوی ئەنواع و ئەقسامی تەفسیرو لێکدانەوە بوو. هەمەجۆر چەمك و سیمبول و بیرۆکەی سەیروسەمەرەی لێ هەلدێنجرا. بەم شێوەیە تا دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دووەم (1939) کافکایەکی بێ ڕیشەو سورئالیست پێی نایە بەمەیدانەوە کە قەولی مارتا روبر "هەرچییەك بێت لەگەڵ کافکای ڕاستەقینەدا بێگانەبوو".

لەساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانی دا بەرهەمەکانی کافکا لەئاستێکی بەرین تردا ڕژایە نێو کۆمەڵگای پڕ تەب و تابی فەرانسەوە. لەوساڵە دۆزەخیانەدا، ترس و دڵەڕاوکێی شەڕو لەناوچوون، زەینەکانی هەرچی زیاتر بۆ وەرگرتنی دنیای دڵە خورپەهێنەری کافکا ئامادەکرد بوو. ئەوەی ترس لێنیشتو و هیوا لەدەست داو، کە وەیشوومەی مەرگ و لەناوچوون قوورسایی خستبووە سەر ژیانیان، بەرهەمەکانی ئەم "سوڵتان ی تاریکی" و "پەیامبەری بێ هیوایی"یەیان بەچێژو تامەزرۆیی و دەرکێکی نوێوە دەخوێندەوە.

لەهەل و مەرجێکدا کە بنکڕی ڕوانگەو بەرداشتە سورڕئالیستیەکان، بەئیلهام وەرگرتن لە فرۆید و یونگ، هێشتا لەزینەکاندا دەژیا، میراتی ئەدەبی کافکا لەسەرەتای دەیەی 1940 وە بوو بەتاقیگەی نەزەری سێ ڕەوتی، بەلای زۆرەوە نا ئەدەبێ.

لەپێش دا زۆربەی نووسەرانی کەلیمی و کاتولیك دەستیان دایە گەلێك تەفسیرو تەعبیری ئاینی و تاجێگایەك چوونە پێش کە رواڵەتێکی ئاینیان بەخشیە کافکا و بەیەکێك لەلایەنگرانی یەهوودیان لەقەڵەم دا. ئەمە لەحاڵەتێکدا بوو کە کافکا تەنیا لەرووی کونجکاوی‌یەوە سەرنجی دابوە مەسەلە ئاینیەکان. چون بەرداشتی موفەسەرینی یەهوودی سەبارەت بە ئیدەو بەرهەمەکانی کافکا یەك دەست نەبوو، بۆ نمونە ڕوبر ڕشفور کافکای بەکافرو لاریٚ بوویەکی چارە هەڵنەگردایە قەڵەم.

لەو ڕووەوە کە هونەری کافکا بەرەو دنیایەکی ناواقعی ڕەتێندرابوو، بە ناچار هەڵسەنگادنی بەرهەمەکانیشی بەپێوانە گەلی لەپێش دا ئامادەکراوی فەلسەفی ئەنجامی گرت و بەتەواوی چوە خزمەت چەمکگەلێکی وەك: "بەبەڵندایی گەیشتن" "بوونێکی ئاوێتە بەدڵنیگەرانی" پووچ یان بیٚ هوودە" و... هیتر. یەکێك لە گرفتەکانی تر دیاردەیەکە کەمارت روبر نێودەنیٚ "پەتای بەراورد" واتە شیکردنەوەی مەقولاتی جۆراوجۆری فەلسەفی لەرێگای داستانەکانی کافکاو هەڵسەنگاندنی هەردەقێکی داستانی ئەو لەگەڵ بەرهەم و ئیدەی ئەندیشمەندانی هاوچەرخدا. بەم جۆرە نووسەرێکی کە لەبیرەوەریەکانی دا دەنووسیٚ (سەرتاسەری ژیانم ئەدەبیات داگیری کردوە" زۆربەهاسانی لەبەستێنی ئەدەبیاتەوە ڕاونرانیە مەیدانی فەلسەفەوە).

ئاخرین ڕەوت یان سوەمین گۆشەی ئەم سیٚ گۆشەیە "کافکا شناسی" ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانە بوو کە لەڕوانگەی ڕەخنەی مارکیستییەوە لەگەڵ هونەری کافکا دا رووبەروو بووەوە. "موعزەل و کێشەی کافکا" بوو بەیەکێك لە لایەنە سەرەکایەکانی دەمەتەقێی قەڵەمی ڕووناکبیران و لاپەڕەکانی گۆڤار گەلێکی وەك "ئاکسیون" و "کریتیك"ی بۆ خۆی تەرخان کرد. شیاوی سەرنج ئەمەیە کە ڕەخنەگرانێکی بەڕوانگەیەکی کەم و زۆر وەك یەك، هێندێك جار بەئاکامێکی تەواو پێچەوانەی یەکتر دەگەیشتن، ئەمەش ناکریٚ شتێکی جیا لەسەلماندنێکی دیکەی سروشتی ئەدەبی هونەرەکەی کافکا بێت.

هێندێك لە رەخنەگرانی بونیادگەرای چەپ کە باوەڕیان بە "ڕسالەتی مێژوویی ئەدەبیات لەبەرەوپێش بردنی خەباتی چینایەتی دا" هەبوو، بەچەخت کردنە سەر "پێگەی وردە بوژوازی" کافکا جەوهەر و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی ئەویان ڕاکردن لەخەباتی چینایەتی دەزانی و ئەویشیان بە " نوێنەری مەترسیداری ئەدەبیاتی ڕەش"، لەبەرانبەر ئەم ڕوانگە تەسك و داخراوەدا ڕەخنە گرانێك هەبوون باوەڕیان وابوو، ئەم نووسەرە ماهیەتی لەخۆبێگانەکەری ئوستورە گەلی کۆمەڵایەتی نوێی بەرۆشنترین شێوە ئاشکراکردووە. و پێکهاتە گەلی تەواوگەرا، هاوشێوەسازو کەسایەتی شکێنی کۆمەڵگای پیشەیی نوێی هەلاجی کردوە.

بۆ ئەم گورووپە لە رەخنەگرانی چەپگەرا، کافکا نووسەرێکی پێشرەو بەحیساب دەهات، کەسروشتی نامرۆڤانەی نیزامی سەرمایەداری بەباشی ناسیوە، لەپێدا چوونەوەی ئەم جەدەلە گەرمو بەرینەدا، دەبێ بەتایبەتی ئاماژە بە دوو نووسراوە بکرێ، کە تەنیا سەردێڕەکانیان دەربڕی شیدەتی ئەو جەدەلە "ئەدەبی"یانەیە، وتاری پی یر فوشری لەژێر ناونیشانی "ئایا پێویستە کافکا بسووتێندرێ؟" و ولأمی ژرژبتای، نووسەری ناودار، پێی: (کافکا لەبەرانبەر ڕەخنەی کومونیستی)دا.

ئەوە ڕوونە کە دەبێ بۆ ڕیشەیابی ئەم جەدەلانە ئاوڕێك لە بەستێنی تێك هەڵچوونەکانی نێو بزووتنەوەی چەپی فەرانسە بدرێتەوە، کە لەو رۆژگادارەدا قەیرانێکی گشت گیر بەرۆکی پێ گرتبوو. قەیرانێکی کە لەلایەکەوە بۆچەپی رێکخراو کارەسات بار بوو، چون شەپۆلەکانی گورووپێکی گەورەی لەرووناکبیرانی نوێ ئەندیش لەحیزبی کومونیست دابڕیو گورزێکی توندی لەسیقەو ئیعتباری ئەم ڕەوتە سرەواند.

لەمرۆکەدا زۆربەی شەروحو تەفسیرو داوەری ساڵەکانی 1960 کە سەبارەت بەمەقوولەی "کافکا شناسی" لەفەرانسەدا ڕەواجیان بوو، وەکاکڵەی باسەکانی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەتوندی کەوتونەتە ژێر گومانەوە. لەساڵەکانی دواتردا زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، دەورانی ڕابردوویان دایە بەر ڕەخنەو پەردەیان لەسەر گەلێك لەهەڵەو لاریێ بوونەکان هەڵماڵی.

خانمی روبر، کافکا شناسی ناودار و سەرپەرشتی نەشرو بلأوکردنەوەی دەورەی تازەی بەرهەمەکانی کافکا بەزمانی فەڕانسە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "بەرخوردی جیدی لەگەڵ کافکا لەفەڕانسە تەنیا لەسەرەتای دەیەی 1960وە دەستی پێکردووە.

## پەیامی کافکا

سادق هیدایەت کە لە کۆتایی دەورەی ژیانی ئەدەبی خۆیدا، بەتوندی هۆگری "دنیای کافکا" ببوو وە ئاگاداری هێندێك لەقسەوباسە پایەییەکانی لەمەڕ هەڵسەنگاندنی کافکا بوو، دەیزانی نووسراوەکانی کافکا "نارۆشنن" و ئاگاشی لەوە بوو کە "خوێندنەوەی دەقەکان هاسانە بەلأم شەرحو تەوزیح دانی دژوارە."

هیدایەت لەساڵی 1933 پێشەکیەکی دوورو درێژی بۆ داستانی "گورووپی مەحکومان "نووسی ، کە کورتە داستانێکی کافکایە و لەوەرگێرانی حەسەن قائیمقامیان، ئەم نووسینە وەك ئاخرین بەرهەمی چاپ کراوی بەئەژمار دێت کە دواتر بەشکڵی کتێبچەیەك بلأوکرایەوە لەژێر ناوی "پەیامی کافکا" هەروەك لەناوی ئەم نووسینەوە دەردەکەوێ، هیدایەت لەم بەرهەمەی دا، سەرەڕای

ئاماژەگەلێکی پڕش و بڵاو بەتوخم گەلی ئەدەبی داستانەکانی کافکا، زیاتر هەوڵی داوە دنیابینی و ڕوانگەی فەلسەفی نووسەری چێك لەپێچ و خەمی نووسراوەکانی دا بدۆزێتەوە. بەو تەوزیحاتەی لەسەرەوە درا، دەبێ دەرکەوتبێ کە هەوڵی هیدایەت لەم مەیدانەدا هەرگیز ناتوانێ سەرکەوتنی تەواو بەدەست بێنێ.

ئەوەی لەیەکەم نیگادا خۆی دەردەخات، یەك ڕیشەبوون و گونجانی ئەم نووسراوەیە لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانی سادق هیدایەت. لێرەدا لەگەڵ هێندێك وتەدا رووبەرووین وەك: "بنیادەم تاك و تەنیا و بێ پشت و پەنایە و لەسەر زەوینێکی ناسازگاری گومناودا دەژیت کە زادگە و ژینگەی ئەونیە"، یان :"هەر کە هاتینە دنیا دەکەوینە بەرداوەری و سەرتاسەری ژیانمان چەشنی لیزگەیەك لەخەون و خەیاڵی ئالۆزە". و... ئەم ڕستانە بەباشی دەتوانن بەشێك لە داستانێکی وەك "کوندی کوێر (بوف کور)" یان ریسالەیەکی وەك "ئاوازەکانی خەیام" بن. ئەم بۆچوونەی محەمەد عەلی هومایون ڕاستە کە دەڵێ: "پەیامی کافکا وەسیەت نامەی خودی هیدایەتەو ئاخرین هەوڵێتی بۆ دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ کێشمەکێشەکانی ژیان. لەم نووسراوەدا هیچ وشەیەکی بنەڕەتی نادۆزینەوە کە لەکوندی گوێرا نەوترابێ".

جەبر گەرایییەکی تیرەوتاری کە لێرەدا دەبیندرێ بەر لەوەی بۆ کافکا بگەرێتەوە، هەوێنی ڕوانینێکی ئێرانی تێزاوە کە لەتەفەکوری دەهریی خاوەر زەمینیش دا ڕەگ و ڕیشیەکی قووڵ و بەهێزی هەیە، هیدایەت پێشتر لەپێشەکی کتێبی "ئاوازەکانی خەیام" دا هۆگری و عەلاقەی خۆی پێ نیشان داوە. لە"پەیامی کافکا"ش دا ڕاستەوخۆ ئاماژە بەکیشی مانەوەی و ئەندێشە دێرینەکانی هێند و ئێرانی کراوە.

لەیەکەمین ڕوانین بە"پەیامی کافکا"دا ڕەنگی تۆخی ئیگزستانسیالیستییەکەی بەزەقی لەچاو ئەدەدات، بەڵام بەسەرنجدانی زیاتری هەڵسەنگاندنی لەدەقی بەرهەمەکانی هیدایەت دا، بەوە دەگەین کە ئەم نووسراوە ڕیشەی لە خودی ڕوانگەکانی هیدایەت دایەو شتێکی زۆری لەم مەکتەبە نوێیە وەرنەگرتووە.

بۆ نمونە ئاشکرایە کە هیدایەت ئاشنایەتی لەگەڵ وتارەکەی ئالبیرکامۆ دا هەبوە، و تەنانەت بەخودی "ئوستورەی سیزیف"یش ئاماژەیەکی سەرەتایی دەکات بەڵام هیچ نێویکی لەکامۆو بەرهەمەکەی نەهێناوە. بەئیحتمالی زۆر هۆیەکەشی ئەوەبێت کە سادق هیدایەت هەستی بەمەودایەکی بەرین لە نێوان خۆی و ئەفکاری کامۆدا دەکرد، کە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ جێگاو شوێنێکی دووگانەی هیدایەت وەك نووسەرێکی نوێ خوازی ئێرانی.

سادق هیدایەت باوەڕی بەدەروەست بوونی نووسەر–بەواتای ئاسایی و ئیدئۆلۆژیکەکەی – نەبوو، بەم حاڵەشەوە بەردەوام نیگەرانی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی بوو. لەیەکێك لەتاریکترین دەورەکانی ژیانی خۆیدا، لەسەردەمی نزیك بەبلاوکردنەوەی "پەیامی کافکا" بەداخەوەیە لەوەی کە "ئیمپریالیستەکان ولاتەکەیان لێکردۆتە زیندانێکی بەرین".

ڕەنگە بکرێ بڵێین خەڵك گەرایی عاتفی و کۆمەڵگا خۆشەویستی ڕۆمانتیکی هیدایەت قەڵەمەکەی ئەوی لەتەسلیم بوون بەزەینیەتی ئیگزیستالیستی (لەچەشنی کامۆییەکەی، کەلازمەی هێندێك هەست کردن بەئاسایش و ئارامییە) گێڕاوەتەوە. هەر لەم ڕێبازەوە دەکرێ شوێن پێی ڕەوتی سێیەمی "کافکا شناسی"ش بەڕوونی لەنووسینەکانی هیدایەت دا بەدی بکەین.

سادق هیدایەت لە "پەیامی کافکا" دا بەرێزو ئیحترام و مێهرو موحیبەتەوە باسی کافکا، یان ئەو کافکایەی خۆی ناسیبوی، دەکات و داکۆکی لێدەکات. ئەو لەو نووسەرەی چێك دا هاوڕێ و دۆستێکی دەرد ئاشناو یەك دڵ ی دۆزیبۆوە. هەرچەند فرانتس کافکا بەر لەهەر شتێك ئەدیبێك بوو، نەك ڕووناکبیرێك بەواتا باوەکەی. ئەو بەپێچەوانەی سادق هیدایەت، سەرنجێکی ئەوتۆی نەداوەتە ئەندیشەو ڕەوتە " نا ئەدەبیەکان " و لێیان دوورە پەرێز بووە.